*Journal of Language Studies* **Vol.8, No.3, 2024, Pages (71-89)**
**DOI: https://doi.org/ 10.25130/Lang.8.3.5**

ISSN: 2663-9033 (Online) | ISSN: 2616-6224 (Print)
Journal of Language Studies
Contents available at: https://jls.tu.edu.iq/index.php/JLS

# Gender differences in Qane's poetry

**Assistant lecturer: Nigar Abdullah karim***
**Kurdish literature department - college of education - University of Charmo**
**nigar.abdullah@chu.edu.iq**

**Received:** 3 /2 /2024, **Accepted:** 4/ 3 /2024, **Online Published: 31/ 3 / 2024**

## Abstract
Gender differences are related to human behavior and actions. There are diverse opinions about the emergence of gender differences; some attribute it to biological aspects and others to cultural and social aspects of society. Even though the biological aspect has effects, but it is related to the social aspect predominantly.For this purpose, we present this concept from different perspectives based on scientific sources. Gender basically has different meanings. Here, the gender differences between male and female are shown, however, gender differences have changed over time, shaping social behavior in each era. In ancient times, it was based on oppression and imprisonment. In every era, it has often ended in the killing and destruction of women by their families.

**Keyword**: (differences), (gender), (social), (Qanei`)

* **Corresponding Author**: Nigar Abdullah**, Email:** nigar.abdullah@chu.edu.iq
**Affiliation**: Charmo University - Iraq

© This is an open access article under the CC by licenses http://creativecommons.org/licenses/by/4.0

*Journal of Language Studies.* **Vol.8, No.3, 2024, Pages (71-89)**

## الفروق بين الجندر في قصائد(قانع)

**استاذ مساعد: نيگار عبدالله كريم**

**قسم اللغه والأدب الكردي – كلية التربية – جامعة جرمو – إقليم كردستان – العراق**

**المستخلص**

الفروق بين الجندر تتعلق بسلوك الإنسان وأفعاله، وانها من صنع الانسان، وظهور الفروق بين الجندر عليه آراء مختلفة، البعض يعزوها إلى جوانب بيولوجية والبعض الآخر إلى الجوانب الثقافية والاجتماعية للمجتمع. و على الرغم من أن الجانب البيولوجي له دور إلا أنه يرتبط اكثر بالبنية الاجتماعية، ولهذا الغرض نقدم هذا المفهوم من وجهات نظر مختلفة استنادا إلى المصادر العلمية، فالجندر في الأساس له معاني مختلفة، وهنا تظهر الفروق بين الجنسين بين الرجل والمرأة. ومع ذلك، تغيرت الفروق بين الجندر بمرور الوقت، ففي كل عصر شكلت السلوك الاجتماعي لذلك العصر. في العصور القديمة، كان يقوم على القمع والسجن. وفي العصر الحديث، يقوم على استخدام الجسد الأنثوي كسلعة في الدعاية والإعلام وشبكات التواصل الاجتماعي. وفي كل عصر، غالبًا ما كان ينتهي الأمر بقتل وتدمير النساء على يد أسرهن.

**الكلمات الدالة :**(الفرق)، (الجندر)، (المجتمع)، (قانع)

## جیاوازی جێندەر لەشیعرەكانی (قانع)دا

**مامۆستای یاریدەدەر: نیگار عبدالله كريم**

**بەشی زمان و ئەدەبی كوردی- كۆلێژی پەروەردە- زانكۆی چەرموو-هەرێمی كوردستان – عێراق**

**پوختە:** جیاوازی جێندەر پەیوەستە بەرەفتار و هەڵسوكەوت و كاروكردەوەی مرۆڤەوە دروستكراوی مرۆڤ خۆیەتی سەرهەڵدانی جیاوازی جێندەر ڕای جیاوازی لەسەرە، هەندێک بۆ لایەنی بایۆلۆجی و هەندێكی تر بۆ لایەنی كولتوری و كۆمەڵایەتی كۆمەڵ دەیگەڕێننەوە ، ئەگەر چی لایەنی بایلۆجیش ڕۆڵی هەیە ، بەڵام زیاتر پەیوەستە بەبونیادێكی كۆمەڵایەتییەوە. بۆ ئەم مەبەستەش لەڕوانگە جیاوازەكانەوە بەپشت بەستن بەسەرچاوەی زانستی ئەم چەمكە دەخەینەڕوو، جێندەر لەبنەڕەتدا واتای جیاواز لەخۆی دەگرێت ، لێرەدا جیاوازی جێندەر لەنێوان ڕەگەزی (نێرومێ)دا نیشاندەدرێت، لەگەڵ ئەوەشدا جیاوازی جێندەر بەپێی سەردەمەكان گۆڕاوە لەهەرسەردەمێكدا شێوەوشكڵی ڕەفتاری كۆمەڵایەتی ئەو سەردەمەی گرتووە. لە سەردەمی كۆندا لەسەربنەمای چەوساندنەوە و بەندكردن بوو. بەڵام لەئێستادا لەچوارچێوەی ئازادیدا سوود لەجەستەی ئافرەت

وەردەگیرێت لەریکلام وبازرگانی و پێگەی ئەنتەرنێتدا ئەمەش بۆ خۆی جۆرێکە لە جیاوازی جێندەر لەهەرسەردەمێکدا زۆرجار بەکوشتن و لەناوبردنی ئافرەت لەلایەن خێزانەکانیانەوە کۆتایی هاتووە.

کلیلە وشەکان - (جیاوازی)، (جێندەر)، (کۆمەڵگا)، (قانع)

پێشەکی: لێکۆڵینەوەیەکە بەناونیشانی(جیاوازی جێندەر لەشیعرەکانی(قانع)دا). باس لەو جیاوازییانە دەکات لەناوکۆمەڵگاکاندا دەکرێت. جیاوازییەکانیش لەنێوان ڕەگەزی نێرو مێ دایە کۆمەڵێک ڕەفتار و کرداری دیاریکراوە لەلایەن کۆمەڵگاوە، بەپێی خێزان و کۆمەڵگا و سەردەم دەگۆڕێن تائێشتاش، کە زانست و زانیاری لەپێشکەوتنی بەردەوامدایە لەناو هەندێک لەخێزانەکاندا فەزڵی کوڕ دراوە بەسەرکچدا، ئەمەش بووە بەهۆی ئەوەی کوڕ هەستی ئەنانیەت و خۆبەزلزانین لەگەڵ کەسایەتیدا دروست ببێت، کە دواتر هەرئەو تاکە پێدەگات و دەچێتە ناو کۆمەڵگاوە دەردەکوشندەکانی ناو خێزان دەگوێزێتەوە بۆ ناو کۆمەڵ .لەهەمان کاتدا خێزانی تریش هەن یەکسانی دەستەبەردەکەن ، ئەم جۆرە خێزانانەش تاکێک پەروەردە دەکەن لەسەربنەمای ڕێزگرتن لە شکۆی یەکتری، دیسان ئەم تاکەش تێکەڵ بەکۆمەڵگا دەبێت. لەئەنجامی پێکهێنانی تاکی باش و خراپ بیروباوەڕی جیاواز و هێزی بەرەنگاربونەوە دروست دەبێت. دەبنە هۆی سەرهەڵدانی جیاوازی جێندەر .

هۆی هەڵبژاردنی توێژینەوەکە: لەگۆشەنیگای شیعری شاعیرەوە بابەتێکی نوێیە بۆ ئێستا، کارایە لەو سەردەمەوە بۆ ئەمڕۆ، بەڵام لەچواچێوەی جیاجیادا.

گرنگی توێژینەوەکە: لەوەدایە ، دەبێتە هۆی دەرخستنی جیاوازی جێندەر (نێرومێ) لەڕوانگە جیاوازەکانەوە خستنەڕووی ئەو ڕوانگەیەی بوە بەهۆی دروستبونی ئەو جیاوازییانە، هاوکات نیشاندانی لەشیعرەکاندا بەشێوەیەکی پراکتیزەکراو، هەروەها دەرخستنی ئەوەی جێندەر واتایەکی چڕ و فرەلایەن لەخۆدەگرێت، تەنها لایەنی سێکس و هاوڕەگەزخوازی ناگرێتەوە، بەڵکو ڕەفتار و هەڵسوکەوتی جیاوازیش لەخۆدەگرێت

کێشەی توێژینەوەکە: ئەو جیاوازییانەی لەکۆمەڵگادا هەبوە .لەئەنجامی یاسا و ڕێسا سەپێندراوەکان بوو بەهۆی دروستبوونی دوو بەرەی جیاواز و سەرهەڵدانی فیمینیزمی ژنان و بەرپەرچدانەوەی پیاوان.

میتۆدی توێژینەوەکە: ئەو ڕێبازەی لەم توێژینەوەدا گیراوەتەبەرمیتۆدی (مێژوویی- کۆمەڵایەتی)یە ،بەپێی ڕێبازی (وەسفی شیکاری) بەوپێیەی لەبەشی یەکەمدا بەشێوەیەکی تیۆریی باس لە جیاوازی جێندەر کراوە، لەبەشی دووەمدا بەشێوەیەکی پراکتیکی شیعرەکان شیکراوەتەوە بەستراوەتەوە بەژینگەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگاوە ، ئاوێنەی ئەو سەردەمە دیاریکراوەی ڕابردووە.

پێکهاتەی توێژینەوەکە: لەدووبەش پێکهاتوە، بەشی یەکەم پێناسەو چەمکی جێندەر و هۆکارەکانی سەرهەڵدانی باسکراوە. لەبەشی دووەمدا تێڕوانینی ئەدەب بۆ جێندەر وجیاوازییەکان لەگەڵ ڕەنگدانەوەی ئەو جیاوازییانە لەشیعرەکانی (قانع)دا بەشێوەیەکی پراکتیکی نیشاندراوە لەکۆتایدا ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان نووسراون.

١-١ چەمک و پێناسەی (جێندەر)

پرسی جێندەرلەئێستادا کار لەسەر جیاوازی نێوان هەردوو ڕەگەزی نێرومێ دەکات ، بەڵام ئەم زاراوەیە لەبنەڕەتدا زاراوەیەکی ئینگلیزییە (G ender) لەبنەڕەتدا لەوشەی (G enus) لاتینییەوە هاتووە ، بۆ دابەشکردنی سینتاکسی ڕێزمان بەکارهاتووە . بەمانای (چەشن و جۆر و بنەما و بنەچە)ش هاتووە، هەرلەڕێی ئەم زاراوەیەوە وشەی ژانەر پەیدابووە بۆ ژانەرە ئەدەبییەکانی شیعر و چیرۆک و پەخشان بەکاردەهێنرێت . (ئەحمەد، ٢٠١١:١٦٠) ، کەواتە چەمکی جێندەر لەناو زمانەوە سەریهەڵداوە و دواتر لە بوارەکانی تری ئەدەب و ئەدەبی فیمینزمی ژناندا پەرەی پێدراوە . لەبارەی جیاوازییەکانەوە نووسەرێک جێندەر بەرەفتار و هەڵوێست و ڕۆڵ و چالاکییە گونجاوەکان بۆ نێرو مێ دادەنێت. جەخت لەسەر پەروەردەو پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی دەکاتەوە لە دروستکردنی جیاوازی جێندەری و پێیوایە مرۆڤ بەنێر یان مێ لەدایک دەبێت ، بەڵام پەروەردە هەریەکێکیان دەکات بە کوڕوکچ و دواتر بەژن و پیاو، پەروەردە دەبێت بەسیستەمێک لەڕێگای ئەو سیستەمەوە ڕەفتار و هەڵسوکەوت و کاروباری هەردوو ڕەگەز دیاریدەکرێت ، کە ئەو ڕەفتار و هەڵسوکەوتانە وەرگیراو و دروستکراون و دەبن بە پێکهێنەری ناسنامەی جێندەرو ڕۆڵەجێندەرییەکان .(ولیامز، ١٩٩٩: ٣٨)، هاوکات نووسەرێکی تر پێیوایە چەمکی جێندەر پرۆسەیەکە بۆ لێکۆڵینەوەی پەیوەندییە تێکهەڵکێشەکانی نێوان ژن و پیاو لە کۆمەڵگادا ، ئەم پەیوەندییانەش لەژێر کاریگەری چەند هۆکارێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوری وژینگەیی و بەهای کارکردن جیادەکرێنەوە .( ابوبەکر و شکری، ٢٠٠٢: ٩٥) .

بەپێی لێکۆڵینەوەکان زاراوەی جێندەر ، زاراوەیەکی ئاڵۆزە و زیاتر لەیەک واتا هەڵدەگرێت، ئەم ئاڵۆزییە وایکردووە ، زاراوەی جێندەر و ڕەگەز تێکەڵ بکرێن لەکاتێکدا جێندەر دروستکراوی مرۆڤە، بەڵام" ڕەگەز ڕاستییەکی بایۆلۆجی مرۆڤە، کە بریتییە لەدروستکراوی سروشتی بەبێ ئەوەی خودی مرۆڤەکە ڕۆڵی لەهەڵبژاردنی ڕەگەزەکەی هەبێت ، هاوکات ڕەگەز جیاوازییەکانی بایۆلۆجی و فسیولۆجی و دەروونی نێوان هەردوو ڕەگەزی ژن و پیاو دەگرێتەوە وەکو: کرۆمۆسۆمات، هۆرمۆنات، بەشێک لە ئەندامانی جەستە لەناوەوە و دەرەوە . پیاو سپێرم بەرهەم دەهێنێت ژن دووگیان دەبێت و منداڵ دەهێنێتە دونیاوە شیر بەمنداڵ دەدات "(ئەسعەد، ٢٠٢٣: ٧١) . لەبارەی لایەنی بایۆلۆجی مرۆڤەوە نووسەرێک لەوتارەکەیدا بەناونیشانی ئایا ئافرەت و پیاو وەک یەکن ؟ باس لەوە دەکات لایەنی بایۆلۆجی وایکردووە ئافرەت و پیاو جیاوازبن دەڵێت: "کەدەڕوانینە جیهانی لەیەکتر جیاوازی پیاو و ئافرەت، تێدەگەین ژیان بەهەردووکیان نەبێت بەڕێوە ناچێت وەکو تۆماس ساز دەڵێت پیاو دەتوانێت بەبێ ئافرەت بژی، بەڵام ناتوانرێت بوترێ ئەو پیاوە زیندووە . ئەگەر تۆزێک لە لایەنی بایۆلۆژی و سایکۆلۆژی ئافرەت و پیاو وردبینەوە دەردەکەوێت لەزۆر لایەنی دەروون و ڕەفتار و هەست و نەست و هەڵوێست و بیرکردنەوەشدا لەیەکتر جودان "(ڕووف ، ١٩٩٠: ١٧٤) لەوتارەکەیدا هۆکاری جیاوازییەکانی بە جیاوازی هۆرمۆناتەکانی لەش دەرخستووە . ئەم ڕاوبۆچونانە دووپاتی دەکەنەوە ،کە هەردوو ڕەگەزەکە جیاوازن و لە ئەنجامی گەڕان بەدوای زانینی هۆکاری جیاوازییەکان و نەهێشتنی ئەو جیاوازییانە، جێندەر سەریهەڵداوە، کە چەمکی جێندەر لە سەرجەمی ئەو جیاوازییە دروستکراوانەی لەبارەی کاروبار و کێشەی ژنانەوەیە

دەکۆڵێتەوە لەهەموو بوارەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوری و بایلۆجی و پزیشکی و سایکۆلۆژی و یاسایی و ئاینیی وفیرکردن و پەروەردە و هونەر و ئەدەب و کارکردن .

لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت مرۆڤ لەئەنجامی یەکگرتنی کرۆمۆسۆماتە جیاوازەکانیەوە ڕەگەزی دیاریدەکرێت، کۆمەڵگەش وەکو یاسا و ڕێرەوێک بنەماکانی ڕەفتار بۆ پیاو ژن دیاردەکات ، دواتر ئەو ڕەفتارانە دەبنە پێکهێنەری جێندەر، کە جیاوازییەکی پێکهاتەیی و کولتوری و دامەزراوەییە لە ئەنجامی تێگەیشتنە کولتوری و کۆمەڵایەتییەکانی نێوان تاکەکانەوە دێتە ئاراوە. پەروەردەو ژینگە دەورێکی سەرەکی دەگێڕن لەو پەیوەندییە جێندەرییەی لە نێوان ڕەگەزی نێر و مێ دا دروست دەبێت .

سەبارەت بەچەمکی جێندەر ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی پێناسەی دەکات بەوسیفات و خەسڵەتانەی ، کە نێرو مێ هەڵگرین لە تێکەڵەیەکی کۆمەڵایەتییدا ، هیچ پەیوەندییەکی بەجیاوازییە ئەندامییەکانەوە نییە لەڕووی بایۆلۆجییەوە .(أیوریاش و أخرون، ٢٠٠٦: ٢٢٢) ئەگەر چی ڕای جیاواز هەیە لەبارەی جیاوازی جێندەرییەوە هەندێک کەس بۆ لایەنی کۆمەڵایەتی و پەروەردەی دەگەڕێننەوە و هەندێکی تر بۆ لایەنی بایۆلۆجی، بەڵام هەریەک لەو لایەنانە کەم و زۆر دەوردەگێڕن لە دروستبوونی جیاوازییەکاندا ، کە جێندەر لەئەنجامی پەیوەندییە نایەکسانییەکانی نێوان پیاو و ژندا دروست بووە. دەسەڵات و کار بەنایەکسانی بەسەریاندا دابەشبوونە . سەرهەڵدانی ئەم چەمکە لەڕووی مێژوییەوە، زاراوەیەکی نوێیە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی حەفتاکانی سەدەی بیستەم پاش سەرهەڵدانی شەپۆلی فیمینزمی ژنان وەکو ئامرازێک بەکاریانهێنا بۆ شیکاری تێگەیشتن لەدابەشبوونی ڕەگەزی بەسەر نێرایەتی و مێینایەتیدا ، دەیانویست بیسەلمێنن هەموو ئەو ڕۆڵە دابەشکراوانە بایۆلۆجی نین و دروستکراون . (بڕوانە: نامەی ڕۆڵی بازاڕ سازی کۆمەڵایەتی لەبایەخدان بەپرسی جێندەر: ٧٦ )

١-٢جیاوازی جێندەری

جیاوازی جێندەر لەسەر ئاستی خێزان و کۆمەڵگە و بۆماوەیی، هۆکاری تایبەتی هەیە بۆ بە نێرینەکردن و مێینەکردنی تاکەکانی کۆمەڵگە، گومانی تێدانییە جیاوازی جێندەر ڕۆڵێکی نەرێنی خراپ دەبینێت لەکۆمەڵگەدا، پەلدەهاوێت بۆ توندوتیژی خێزانی و ناتەبایی و نەگونجانی تاک لەناو کۆمەڵدا لە ئەنجامی ئەو سیستەمە پەروەردەییە ناتەندروستەی پەیرەو دەکرێت تاکێکی نەخۆش و لەڕێ دەرچوو بەرهەم دێت. بەشێوەیەکی گشتی هۆکاری سەرەکی جیاوازی جێندەر دەگەڕێتەوە بۆچەند لایەنێکی وەکو:

١-١-٢بایۆلۆجی و جیاوازی جێندەر

لایەنی بایۆلۆجی لەسروشتەوە بەپیاوان و ئافرەتان بەخشراون وایکردوە لە هەندێک ڕەفتار و هەڵسوکەوتدا جیاوازبن ئەو جیاوازییە بایۆلۆجی و بۆماوەییە ،کاریگەری هەیە لە ڕەنگدانەوەی جیاوازی جێندەر . پێویستە لە بنەڕەتدا ئاوڕێ لەسروشتی جیاوازی بایۆلۆجی نێوان پیاو ئافرەت

بدرێتەوە ، کە بەچەند نیشانەیەکی بایۆلۆجی پیاو لە ئافرەت جیادەبێتەوە ، هەریەک لەو دوو ڕەگەزە بەرهەمهێنەری هۆرمۆنی جنسی جیاوازن بۆنموونە:( لەدروستکردنی منداڵ کرۆمۆسۆمی ژن xx کرۆمۆسۆمی پیاو xy، دوو هۆرمۆنی جنسی جیاواز ڕەفتاری ئەو دوو توخمە دیاری دەکەن ،کە هۆرمۆنی (مێ)ینە (ئەسترۆجین)و هۆرمۆنی نێرینە (ئەندرۆجین)ە ئەو کرۆمۆسۆم و هۆرمۆنانە لەیەکەم خاڵی دروستبوونی مرۆڤەوە جیاوازی جێندەری دەهێننە ئاراوە ، هەندێک ڕەفتار و هەڵسوکەوتی وەکو توڕەبوون و توندوتیژی هەڕەشەکردن و زۆرانبازی و شاڵاوبردن..... بەهۆرمۆنی ئەندرۆجینی پیاوەوە بەستراوە ، هەروەها هۆرمۆنی ئەسترۆجین دەوری هەیە لە هێمنی و ناسکی دەنگ و پڕی و زۆری قژی و ناسکی و لەش ولاری ئافرەتاندا .

باس لەوەش کراوە لایەنی بایۆلۆجی ئافرەت لەڕووی توانستی درکپێکردن و دەمارەخانەو و دیاریکردنی پسپۆڕی و ئەقڵ و زیرەکی و گریان و سۆز و عاتیفەوە زۆرجیاوازە هەردوولا دەشوبهێنێت بە شنەی دەریاو شنەی زەوی هەرچەندە بە هەردووکیان دەوترێت شنە لەگەڵ ئەوەشدا پەیدابوون و پێکهاتن و دەور و جیهان و بەئەنجام هاتنی هەریەکەیان لەیەکتری جیاوازە ، ئافرەت و پیاوی ، نێر و مێ وەکو شنە لەیەکتری جیاوازن ، بەڵام هەردووکیان مرۆڤن ، هەروەها هێماکانی (+)و(-) لەبیرکاریدا لەیەکتری جیاوازن ، ئەگەر پێچەوانەی بکەیتەوە ئەوا هەڵەدروست دەبێت و هاوکێشەی ژمارەکان ڕاست دەرناچن . (ڕووف، ١٩٩٠: ١٧٥) لایەنی بایۆلۆجی ڕۆڵی هەیە لە جیابونەوەی کارەکانیشدا ئەو کارانەی پێویستی بەهێز و بازووە بۆ پیاو گونجاون ، هەندێک کاری قورس و لەتوانا بەدەر بۆ ئافرەت دەبێت بەهۆی ناتەندروستی و دەرکەوتنی نەخۆشی ژنانە . پیاو و ژن لەڕووی خۆشەویستی و تێگەیشتنی مەعنەویشەوە جیاوازن ، بەژنێکیان گوت ئەوەی پیاو لەژنی داوادەکات ئەوەیە کە تێبگات، ژنەکەش وتی ئەوەشی ، کەژن داوادەکات لەپیاو ئەوەیە خۆشی بوێت (عەلی،٢٠١٢: ١٥٧ ) لەداواکارییەکانیان بەرامبەر یەکتری جیاوازن داواکاری ئافرەت تەنها سۆز و خۆشەویستی و گرنگی پێدانە، بەهۆی گرنگی نەدان بەلایەنی ڕوحی و پەراوێزخستنەوە، ڕۆژانە چەندەها قوربانی و هەڵوەشاندنەوەی خێزانی لێدەکەوێتەوە لە نێوان هاوسەرەکان و خێزانەکاندا . ئەگەر چی ئەم جیاوازییە بایۆلۆجییانەش هەیە ، بەڵام کاریگەرییەکی کەمتردروست دەکەن بۆ جیاوازی جێندەری ، کە لە بەراوردی کۆمەڵگاکاندا دەردەکەوێت لەناو خێزانی ڕۆشنبیر و وڵاتی پێشکەوتوودا جیاوازیەکان کەمترە و دەیسەلمێنن لایەنی بایۆلۆجی کەمتر دەبێتە هۆکاری جیاوازی جێندەر .

١-٢-٢ کولتور و جیاوازی جێندەر

هەر نەتەوەیەک هەڵگری سیمای نەتەوەیی و کولتوری خۆیەتی ، هەموو ئەو چالاکییە کۆمەڵایەتیانەی مرۆڤ لە کۆمەڵگادا ئەنجامی دەدات ، ئەو دیاردانەی پەیوەندییان بە تاک و کۆی کۆمەڵگاوە هەیە وەکو زمان و ئەدەب و هونەر و پەروەردە و ئاین و یاسا و تەندروستی و زانست و کەلەپور دەچنە ژێر چەمکی کولتورەوە ، ئەمەش وایکردووە جیاوازی و یەکسانی جێندەری بەپێی کولتوری نەتەوەکان لە کۆمەڵ و نەتەوەیەکەوە بۆ کۆمەڵ و نەتەوەیەکی تر جیاوازبن.

لەناو هەندێک گەل و نەتەوەدا جیاوازییەکە بەزەقی دیارە تەنانەت لە پارێزگایەکەوە بۆ پارێزگایەکی تریش جیاوازی جێندەری دەبینرێت بەتایبەتی لە لادێیەکاندا زۆر بەرچاوترە ، بەپێچەوانەوە لە ناو هەندێک لە نەتەوەکاندا یەکسانی دەستەبەر دەکرێت . کولتور ڕۆڵی هەیە لەو جیاوازی و یەکسانی جێندەرییەدا، کە کولتور لە تێکەڵەیەکی ئاڵۆز و بەیەکداچووی دابو نەریتەکانی کۆمەڵگا پێکهاتووە، زۆرجار ئەم تێکەڵییە هەڵە بیرکردنەوە دەسازێنێت

بۆ نموونە: "پێکداچوون و تێکەڵاوبوونی کولتور و ئاین ، بەجۆرێکە کەلتوری بە ئاین بوو ئاینی بە کەلتوربوومان هەیە ، لە نموونەی خەتەنەکردنی ژنان و ژن بەژن و بەزۆر بەشوودانی کچان و کوشتن لەسەر شەرەف . ئەمەش پرسی گۆڕانکاری لە داب و نەریتەکان گرانتر بکات ، چونکە هەندێک لە مرۆڤەکان هەندێک لەم داب و نەریتانە بە ئاین دەزانن ، ناتوانن یاخود ناوێرن دەستبەرداریان ببن"( عمر، ساڵح، ٢٠١٨: ٤) ،کولتور باڵی کێشاوە بەسەر سیستەمە جۆراوجۆرەکاندا ، لەسیستەمی سیاسیشدا بەدرێژایی مێژوو سیستەمێکی پشت بەستوی بەهێز و دەسەڵاتی بەرهەم هێناوە ،کە پیاوان خۆیان بەخاوەنی ئەو هێزە دەزانن و بەشداری کۆڕو کۆبونەوە سیاسییەکان دەکەن و دەسەڵاتی سیاسی دەسەپێنن ، وادەکەن دەسەڵات بەرهەمی بونیادێکی خێڵەکی و پیاو سالاری بێت ، پیاو ڕۆڵی سەرەکی پێدەدرێت و ژنیش ڕۆڵ و دەسەڵاتی لاوەکی وەردەگرێت .

جا بۆ کەمکردنەوەی ئەو جیاوازییانە لەناو نەتەوە جیاوازەکاندا ، ڕێگای جۆراوجۆر هەیە یەکێک لەوانە خوێندنەوەی کتێبی (سەد ژنی کاریگەر لە مێژوودا) دەتوانن سوودی لێببینن ، کە ئەزموون و بەسەرهاتی ئەو ژنانەیە ڕۆڵێکی کاریگەریان بینیوە لەڕەوتی بەرەوپێشچوونی جیهاندا و لەهەموو بوارەکاندا جێ دەستیان دیارە ، خوێندنەوەی ئەم کتێبە نەک تەنها بۆ ژنان بەڵکو بۆ پیاوانیش پێویستە ، بۆ ئەوەی ئاستی توانای ژنانیان بۆ دەرکەوێت، بەشداریکردنی ژنان وەکو پێویستییەک لەبەرچاوبگیرێت .

١-٢-٣ کۆمەڵگا و جیاوازی جێندەر

ژن بە بەشێک لەقەوارەی کۆمەڵگە دەژمێررێت ، بە پێکهاتەیەکی سەرەکی و گرنگ لەکۆمەڵگادا دادەنرێت ، بەڵام هەر لەکۆنەوە پیاو بەبەشی یەکەمی کۆمەڵگا دانراوە و ژن بەشی دووەمییەتی بەمەش نیوەی کۆمەڵگا پێکدەهێنێت ، لەدێر زەمانەوە ئەرک و مافەکانیان جیاوازبووە ، هەندێک لە کۆمەڵگاکان بەچاوی ڕێزەوە تەماشای ژنیان کردوە ، ڕۆڵ و پێگەی ژنیان بەرزنرخاندوە ، هەندێکی تر بەپێچەوانەوە بۆ زیاتر ڕونکردنەوە هەندێک لەنموونەی ئەو کۆمەڵگانە دەخەینەڕوو بەبەراورد بە کۆمەڵگای کوردی .

دەڵێن : لەیۆنانی کۆندا ژن لەناوماڵدا دەمایەوە ، بەو مانایەی کۆشکێکی لەچینی سەرەوەی ماڵدا بۆ تەرخان دەکرا ، بەڵام لەناو خێزاندا خاوەنی بەها و ڕێزبوو ، ئەو لەماڵدا زیندان بوو ، نەشیدەتوانی پشکی لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا هەبێت (محمد،٢٠٠٤: ٤٤) ، هەروەها لەکۆمەڵگایەکی وەکو چین باس لەوەکراوە مێژوو نیشاندەری ئەوەیە ژن لەبەردەم باوک و یاخود هاوسەردا مافی قسەکردنی

نەبووە ، مەگەر بەمۆڵەتی ئەوان ، ئەگەر مۆڵەتیشی پێدرابێت چاوی شۆڕدەکردەوە و بەشەرمەوە قسەی دەکرد (هەمان سەرچاوە)، واتە کۆمەڵگاکانی جیهانی ڕۆژئاوایی لەکۆندا تێڕوانینیان بەرامبەر بەژن جیاوازبوە ژنیان بەچاوێکی کەم سەیرکردوە ، بەڵام ئێستا بارودۆخەکان گۆڕاوە ئازادی ڕەهابەئافرەت دراوە بەناوی پێشکەوتن و کرانەوە و جیهانبینیەوە، ئەمەش لایەنی ئەرێنی و نەرێنی خوڵقاندوە . سەبارەت بەکۆمەڵگەی کوردیش لەسەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر و لەناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر جیاوازی جێندەری کەم و زۆر هەبووە هەتا دەگاتە ئەم سەردەمەش هەرماوە ، بەڵام بەڕێژەی جیاواز. لەم بارەیەوە عەلادین سەججادی وێنەی جیاوازی سەردەمی کۆن دەخاتەڕوو دەڵێت:"ئافرەت لەناو کورددا پایەیەکی بەرزی کۆمەڵایەتی هەیە سەرۆکی ماڵ و قسە ڕەوایە ، هەر لەسەردەمێکی زۆرکۆنەوە بەگەورە دانراوە لەناو خێزاندا بە(کەی بانوو) ناوئەبرێ ، بوونی ناوی کەی بانوو ئەو شوێنە کۆمەڵایەتییە پێشاندەدا، چونکە وشەی (کەی) بەسەی بەرز و گەورەو خاوەنە ، بانوو- یش بەگوزارەی خانمە ، واتا خانمی گەورە یان خانمی بەرز"(سەججادی ، ١٩٦٧: ٢٠) ئەم تێڕوانینەش دەمانباتەوە بۆ ئەو تێڕوانینەی یۆنانی کۆن، کە لەکۆمەڵگای کوردیشدا بەهەمان شێوە تەنها لەناو ماڵدا ئەو پلەبەرزە بە ئافرەت دراوە، بەرزی ئافرەت لە قەتیس کردنیدایە لەناو چواردیواری ماڵدا ، بۆ جێبەجێ کردنی کاروباری ناوماڵ و ئەرکی خێزان . هەرچەندە تێڕوانینی کۆمەڵگاش جیاوازە و هۆکارێکی سەرەکییە بۆ سەرهەڵدانی جیاوازی جێندەری و نەبوونی یەکسانی ، بەڵام لەڕاستیدا " ژن لەگەڵ پیاواندا پارێزگارییان لەمانەوەی ئەم بونەوەرە کردوە ، کەئەویش مرۆڤە ، مرۆڤیش بۆ پێکهێنانی کۆمەڵگا گەلێک ، کە خۆی بپارێزێت هەر لەهەوڵ و کۆشش و تەقەلادا بووە بۆ گەیشتن بەڕاستی بوون و سەرهەڵدانی، ویستویەتی بناغەیەک دابمەزرێنێت ئەم بونەوەرەی پێ بپارێزێت و خۆی بەهێزبکات لەبەرامبەر مەترسی لەناوچوون و برانەوە "(تاهیر، ٢٠٠٦: ٢٢ ) ژن و پیاو تەواوکەری یەکترین بەبێ بوونی یەکێکیان ژیانکردن زەحمەت و دژواردەبێت بۆ ئەوی تریان ، ئافرەتیش شان بەشانی پیاو لە گۆڕەپانی سەختی ژیاندایە ، بەشداری لەڕەوتی ژیانی کۆمەڵگادا دەکات ، هەردوو ڕەگەز دروستکەری مرۆڤایەتین .

١-٣ سیستەمی باوک سالاری و ئەدەبی ژنان لە کۆمەڵگەی کوردیدا

هۆکارەکانی سەرهەڵدانی جێندەر ڕێگای خۆشکرد بۆبەشداری کردنی ژنان لەکۆڕی ئەدەبیدا، لەپێناو بەرگریکردن لەمافەکانی ژنان و کەمکردنەوەو نەهێشتنی جیاوازی جێندەری و تێکشکاندنی سیستەمی کۆن و باوکسالاری لە کۆمەڵگای کوردیدا . چەمکی باوکسالاری یان نێرسالاری باڵا دەستی نێرایەتی بەسەر تەواوی جومگەکانی کۆمەڵگادا سەپاندبوو ، لەم کۆمەڵگایانەدا ژن پلەی نزمترە لەپیاو بەچاوێکی کەم ئەقڵ تەماشا کراوە . ژن لە هەموو بوارەکانی ئەدەب و کۆمەڵایەتی و یاسایی فەرامۆش کرابوو، ئەم سیستەمە بوو بەهۆی سەرهەڵدانی ئەدەبی تایبەت بەژنان لەم ئەدەبەدا نووسینی ژن و توێژینەوەی ڕەخنەگرانەی ژنان و دەق هاتە مەیدانی ئەدەبییەوە. (مەنتک، ٢٠١٨: ١٥٩)، لەوێوە باس لە دەرد و ئازارەکانی ژن کراوە ئەوە خراوتە ڕوو، کە سیستەمی پیاوسالاری لە کۆمەڵگەی کوردیدا باڵادەستە ، ژنان ناتوانن وەکو پیاوان بژین وەکو ئەوان بیربکەنەوە و بیروبۆچونی خۆیان هەبێت لەترسی ئەو گیروگرفتانەی لەلایەن پیاوی ناو کۆمەڵگەوە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە، لەم بارەیەوە ژنە فیمینزمی ئەدەبی ڕوئیا تلوعی دەڵێت: "لای پیاوان دونیای ژنان دنیایەکی

پڕ ڕەمز و ڕازە و زۆر پرسیاریان لا سازدەکات . ئەوەی پیاوان سەبارەت بەژنان دەیزانن ئەو شتانەن، کە لەڕونگەی پیاوانەی خۆیانەوە لێی تێگەیشتوون. ژنان زۆرکەم بەزمانی خۆیان لەخۆیان و کێشەکانیان دواون. ترس لەزۆرشت بووەتە کۆسپێک بۆ ئەوەی ژن بەزمانی خۆی باسی خۆی و بیرو ڕاکانی بکات."(حسێن، ٢٠١٠: ٦٣٣) .

دابونەریتی کۆمەڵایەتی ڕەنگدانەوەیەکی نەرێنی هەبووە بۆ سەر ئافرەت خۆیشی، کە لە دروستبوونی ڕەگەزی خۆی بێزاری دەربڕێت ، ژنە شاعیر کەژاڵ ئەحمەد ئەوەی خستۆتەڕوو ، بەچەند دێڕێک شیعر ڕەخنە لەو دەسەڵاتە زاڵە دەگرێت و دەڵێت:

دونیای سمێڵ و نێرگەلەیە

ڕێک وەک نەبوو

یان وەک کەسێکی نەهاتوو

بێ خواستی خۆم...... باوکە بابە (نازم،حسێن،٢٠٢٠: ١٩٣)

شاعیر سمێڵی کردووە بەڕەمز بۆ پیاو و باس لە کولتوری دواکەوتووی کوردی دەکات ، کە هاتنەدونیای کچ وەکو نەبوون بێت وایە دڵخۆشی بۆ خێزانەکەی ناهێنێت ، هەرچەندە دروستبوونی بەڕەگەزی کچ بەبێ خواست و ئارەزووی خۆیەتی و سروشت و بایۆلۆجی وایکردووە بەکچ بخوڵقێت. ئاوات بۆ نەبوونی خۆی دەخوازێت لەئەنجامی جیاوازی جێندەری و زاڵکردنی دەسەڵاتی پیاو . هەرچەندە ئەم ژنە شاعیرە لەسەردەمێکی مۆدێرنی کوردیدا دەژی و لەژیاندایە ئاماژەی بەجیاوازییەکان کردوە و لەچوارچێوەی شیعر و لە بواری ئەدەبدا دەریبڕیوە . ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت ، کە لەسەردەمی زۆر کۆنەو سەردەمی شاعیر (قانیع)ەوە، تائێستاش جیاوازی بوە و هەر دەبێت.

سەرهەڵدانی ئەدەبی ژنان ، بو بەهۆی ئەوەی کەمێک لە ئازارەکانی ژنان بخرێتەڕوو . وردە وردە ڕۆڵی ژنان لەبواری ئەدەبدا دەرکەوت و دیاردە کۆمەڵایەتییە توندەکان ڕەوینەوە و ژنان دەستیان دایە نووسین و قەڵەمی خۆیان لەبواری ئەدەبی فیمینیزمدا نەخشاند . بۆ نەهێشتنی جێندەرو جیاوازییەکانی و داواکردنی مافەکانیان .

بەشی دووەم

٢-١ تێڕوانینی ئەدەب بۆ جیاوازی جێندەر

ئەدەب هەڵقوڵاوی ئێش و ئازارو خۆشی و ناخۆشیەکانی ناو کۆمەڵگەیە ، ئاوێنەی ژیانی کۆمەڵایەتیە و گوزارشت لە کۆمەڵگا دەکات ، ئەو ڕووداوانەی لەکۆمەڵگادا ڕودەدەن شاعیران و نووسەران وەریدەگرن و داهێنانی تێدادەکەن و بەرگێکی ئەدەبی دەکەن بەبەر ڕوداوەکاندا . بۆ ئەم مەبەستەش شاعیری کورد هەر زوو هەستی بە شتەکان کردوە و هەر دیاردەیەکی چەوت و ناڕێک

هەبوبێت خستویانەتە قاڵبی شیعرەوە ، شاعیرێکی وەکو حاجی قادر دەبێت چی شتێک وایلێکردبێت؟ بڵێت :

بۆچی فەرموویەتی نەبی ئەمین

(اطلبو العلم ولو بالصين)

نێر و مێ لەم حەدیسە فەرقی نییە

گەر مەلا نەهی فەرموو دینی نییە (هەڵەبجەیی، ٢٠١٤: ٢٩٨)

وەک ئاشکراو ڕونە شاعیران پێش هەموو کەسێکی ئاسایی درک بەشتەکان دەکەن ، بێگومان حاجی قادریش درکی بەجیاوازی جێندەری کردوە . لەبەرئەوە دەنگی شیعری بەرزدەکاتەوە و داوادەکات جیاوازی نەکرێت لە نێوان نێر و مێ ، بەپێی فەرمودەی پێغەمبەر هیچ جیاوازییەکیان نییە، بەناوەی دینەوە هەل نەقۆزنەوە و مەلا فەتوا بدات بڵێت نێرومێ جیاوازن لەوەرگرتنی زانست و زانیاری .

هەروەها (بێکەس) ی شاعیریش لاسەنگی تەرازوەکەی بینیوە و دەڵێت :

نێرو مێ هەردوو بەجووتە هەوڵێ بۆ وەتەن نەدەن

دورە دەرچوونی لەدیلی مەل بەباڵێ نافڕێ

بەهەمان شێوە وێنەیەکی شیعری جوانە بۆدەرخستنی جیاوازی جێندەری و داوای ڕێککردنەوە یەکسانی دەکات ، سود و قازانجی ئەو یەکسانییە لەبەدەستهێنانی سەربەستی و دەرچوون لەژێردەستەییدا دەبینێتەوە، جگەلەوەش ڕونیدەکاتەوە ژن وەکو پیاو خاوەن هێز و توانا و بڕیارە ، گرنگە بەشدارییکات لە کۆڕی خەبات و تێکۆشاندا .

ئەم جیاوازییانە سەردەم بەسەردەم هاتووە ، تاڕابردوویەکی نزیک وەکو ئەوەی لە ساڵانی(٢٠٠٠)دا لەڕێگەی نووسینی نووسەرانەوە دەرکەوتوە، وەکو شاعیران نوکی خامەیان خستۆتە سەر کاغەز و باسیان لەجیاوازی جێندەری کردوە .وەکو ئەوەی لەوتارێکدا ڕوون دەبێتەوە نووسەرێک دەڵێت: "بەگیانە کەوتووەکەت (دوعا) خانم ، ئەگەر ئێمەی جەلاد کەمێک ئەقڵ و کەمێک دڵ و کەمێک باوەڕمان هەبایە هەتا نوقسانییە وجودییەکەمانی پێ پڕبکەینەوە و هەڵیچنین باوەڕ ناکەم پێویستییەکمان بەئیرەیی بردن ببوایە دەرهەق بەهێزە ئیرادەییانەکەی ئەقڵ و دڵ و باوەڕی کیژۆڵەیەک" (ڕەشی ،٢٠٠٨: ١١٣) .

نووسەر پیاوە و لەسەر مافی ئافرەت هاتۆتە دەنگ و باس لە کچێک دەکات بەناوی دوعا لە ساڵانی پێشوودا بەڕوداوێکی کاریگەر بە بیانوی شەرەف و جیاوازی بیروباوەڕەوە لەلایەن کەس و کارەکەیەوە بەبلۆک سەریان پان کردەوە و کوشتیان ، ئەم کچە لەتەمەنی لاوێتی و خۆشی ژیاندابوو عاشقی کوڕێک دەبێت و کەسوکاری دەیکەن بەقوربانی خۆشەویستییەکی پاک و بێگەرد.

جیاوازییەکە لێرەدا ئەوەیە تەنها کچ باجی خۆشەویستیی دەدات ، لەکاتێکدا نێرو مێ بەشدارن لە پرۆسەی خۆشەویستیدا .

٢-٢ تێڕوانینی شیعری (قانیع) بۆ جیاوازی جێندەر

قانع لەشیعر داناندا دەستێکی باڵای هەبووە، ئەو ساڵانەی ئەوی تێدا ژیاوە ساڵانی (١٨٩٨-١٩٦٥)، کۆمەڵگا زۆر دواکەوتوو بووە. لەتافی لاویدا بوە دەسەڵاتی ڕژێمی دەرەبەگایەتی زاڵبووە . کەچەوساندنەوەی خەڵک لەلایەن شێخ و مەلاو دەرەبەگەکانەوە باڵی کێشاوە بەسەر کۆمەڵگادا.بەهۆی کاریگەرییە ژینگەییەکانی دەوروبەرییەوە باسی لەلایەنی دواکەوتووی کۆمەڵگاکەی کردوە، وەکو باسکردنی( کێشەچینایەتیەکان ، دواکەوتووی کۆمەڵگا و نەگەیشتن بە شارستانییەت، سیستەمی دەسەڵات و نەبوونی دادپەروەری.......) لەناو ئەم باسانەشدا گرنگیدان بە ئافرەت و داواکردنی مافەرەواکانیان بەمەبەستی نەهێشتنی جیاوازی جێندەر، هەرچەندە زاراوەی جێندەر بۆ ئەو کاتە لەئارادا نەبوو، بەڵام شاعیر درکی بەجیاوازییەکان کردبوو. ئەو مەبەستە شیعرییانەی ئەوە دەردەخەن شاعیرێکی بەتوانا و ڕەخنەگرێکی سەردەمەکەی خۆی بووە ."قانع وەک ڕەخنەگرێکی وشیاری سەردەمی خۆی بەفامکردنی ئەو واقیعە، کاری ئەو تەنیا پیاهەڵدان و وەسفکردن نەبوو. توانیەتی ڕەخنەگرێکی وشیاری سەردەمەکەی خۆی بێت "(ئازادیخواز، ژ٨٢: ٣٦) ، ڕەخنەگرتنەکەی لەخەمی شاعیرەوە بۆ ڕێککردنەوەی کۆمەڵگاوە سەرچاوەی گرتووە. ویستویەتی لەڕێگەی ئەو شیعرانەی بۆ ئافرەتی نووسیوە ، گوزارشت لەکێشە گەورەکانی ئافرەت بکات. وانەیەکی ئامۆژگاری بدات بەگوێی پیاوان و کۆمەڵگادا ، هەروەها یاسا پیاوسالارییەکانی ناو کۆمەڵگە تێک بشکێنێت و جیاوازی جێندەر نەهێڵێت .

هۆکارەکانی جیاوازی جێندەر لەناوەڕۆکی شیعرەکانییەوە هەڵدەقوڵێت، کە پەروەردەی خێزانیشی گرتوەتەوە، چونکە پەروەردەی خێزان هۆکارێکی سەرەکییە بۆ ئەوەی جیاوازی جێندەر ، یان بڵێین جیاوازی ڕەگەزی نێرومێ سازبێت،ئەو شێوازە پەروەردەیە ئەنجامی خراپی لێدەکەوێتەوە"یارمەتیدەر دەبێت بۆ زیندەبەچاڵکردنی ئارەزووەکانی کچان، ڕەنگدانەوەی سلبی لەدەروونیاندا بەجێدەهێڵێت بەدرێژایی قۆناغەکانی ژیانیان، جگە لەوەی ڕەنگدانەوەیەکی دیکەی ئەو جۆرە ئەقڵیەتە یارمەتیدەرە بۆ کوڕان ، کەهەستی ئەنانیەت و خۆبەزلزانی لەناخیاندا زیادبکات. وایان لێبکات خۆیان بەڕاست و سەرکەوتوو بزانن"(عەبدوڵا، ٢٠٠٥: ٧٩) لەسەردەمی قانعدا ئەو زیندە بەچاڵکردنەی ئارەزووەکانی کچان لەسەرەتای لەدایک بوونییەوە دەستپێدەکات. قانع لەشیعری ( ژیانی کچ) دا باسیکردووە . وێنەی ژیانی کچی ئەو سەردەمەمان بۆ دەکێشێت، کە لەدایک بوونی کچ وەکو نەنگییەکەو جێگای دڵخۆشی خێزانەکەی نەبوو . ئاهەنگی پیرۆزکردنی وەکو کوڕ بۆ ناگێڕن ، بگرە وەکو ئەوە وایە کەسێکیان مردبێت نەک نیعمەتێکیان زیادی کردبێت. بۆ ئەم مەبەستەش شاعیر دەڵێت:

کچی بەستەزمان دەوری ژیانی

سینەمایەکە ئەگەر بزانی

قۆناغەکانی ژیانی کچی شوبهاندووە بەسینەما بابزانین چۆنە؟ لەدێڕەکانی دواتری ئەم شیعرە و شیعرەکانی تردا ڕوونی دەکاتەوە دەڵێت:

کەلەدایک بوو ئاهەنگی نییە

ئەڵێن ئای کچە فایدەی چییە

پێ پیرۆزانەی کەس بۆ ناهێنێ

هیچ کەس بەچاکە هەرگیز نایدوێنێ

لەناو کورددا دەستوری (پێ پیرۆزانە) هەیە، کاتێک منداڵ لەدایک دەبێت. کەسوکارو هاوڕێ و هاوسێی دایک و باوکی ئەو منداڵە سەردانی ماڵی منداڵەکە دەکەن . دیاری لەگەڵ خۆیاندا دەبەن ،بەو ڕێوڕەسمە دەوترێت پێ پیرۆزانە. کچ لەوە بێبەش بووە بۆ پیرۆزکردنی هاتنەدونیا. هەرچەندە هاتنە دونیای منداڵ گەورەترین بەخششە بۆ دایک و باوک، بەڵام بەداخەوە بەبێ گوێدان بەبارودۆخی دایکەکە ، کەچەندە ئێش و ئازار دەکێشێت هیچ دڵخۆشییەک دەرنەبڕاوە بۆ لەدایکبوونی ڕەگەزی کچ . جیاوازی جێندەر لەناو کۆمەڵگاشدا بەشێوەیەکی بەرچاو هەبووە. قانع باسەکەی دەگوێزێتەوە بۆ ناو کۆمەڵگا دەڵێت:

پروپیرێژن دەور دایکی ئەدەن

هەریەک بەجۆرێ دڵخۆشی ئەکەن

خەم مەخۆ خوا لەسەر کەرەم بێ

کوڕیشت ئەبێ خاترت جەم بێ (خەزنەدار،٢٠١٠: ٤٧٦)

دڵدانەوە و سەرەخۆشی بۆ کەسێک دەبێت لەحاڵەتێکدا بێت ڕوداوێکی ناخۆشی بەسەردا هاتبێت وەکو لەدەستدانی کەسێکی ئازیزی، بەڵام لێرەدا بۆ لەدایک بوونی کچ دڵدانەوەی دایکەکەیان کردوە ، بەوەی کوڕیشی دەبێت. هەر ئەو کچەی لەدایک بووە، وەردە وردە بەهەر کزۆڵی و سەرکوتکردنێک بووبێت گەورە بووە. گەشتۆتە قۆناغێک، کە لەتەمەنی هەرزەکاریدا دایکەکەی خەمی لە ژیانی داهاتووی خواردووە و ئەرکێکی زیاتری کەوتۆتە سەرشانی دایکەکە ، ئەویش هەستی دایکایەتی و سۆزی خۆی بۆ دەربڕیوە، ئامۆژگاری کردووە بەوەی ، کەکارێک نەکات ببێتە هۆی لەدەستدانی حەیاو شەرەفی . وەک دەزانین لەناو کۆمەڵگای کوردیدا شەرەفی خێزان بەئافرەت و شەرەفی ئافرەت بەدامێنییەوە بەستراوە . لەشیعری ( وەسیەتی دایک بۆ کچ) دا دەردەکەوێت ، دەڵێت:

کچم پارچەی نەژاکاوی زەمانم نەتیجەی ئیهتیمامی خوێندەواریم

کچم ڕۆڵەی کزۆڵەی بەردەباریم چرای ڕوناکی بێدەست و هەژاریم

وەرە گوێ ڕاگرە بۆ پەندی دایکت          فەرح بەخشی دەرونی بێ قەراریم

کچم هۆشی حەیاو ناموسی خۆت بێ     نەکەی کارێ زیادکەی دەردی کاریم  (قانع،٢٠١٤: ١٧٠)

دایک بەپێی ئەوەی زیاتر لەگەڵ منداڵەکانیدا دەبێت سۆزی زیاترە، هەمیشە لەخەمی ئەوەدایە منداڵەکانی نەکەونە بەر تانەو تەشەری کۆمەڵگا، لەو شیعرەدا ڕون دەبێتەوە مەترسی لەناوچونی شەرەفی کچ ئەنجامی خراپی لەلایەن خێزان و کۆمەڵگاوە لێدەکەوێتەوە . لەڕاستیدا دیاردەی کوشتنی کج و ژن بەناوی شەرەفەوە ، نەک تەنها لە کۆمەڵگای کوردیدا ، بەڵکو لەهەموو کۆمەڵگا ڕۆژهەڵاتییەکان و هەندێک جار لە کۆمەڵگا ڕۆژئاواییەکانیش بوونی هەیە ، جا بۆ چارەسەری ئەو دیاردەیە داوا لە کچەکەی دەکات پابەندی بەها گشتییە کۆمەڵایەتییەکان بێت، بۆ ئەوەی تووشی ڕەفتاری توندوتیژی نەبێتەوە لەلایەن ( باوک، برا، مام ، ئامۆزا.... ) زۆرجار بەکوشتنی ئافرەت کۆتایی دێت، بۆی ڕوندەکاتەوە دەڵێت:

نەخۆی هەرگیز فریوی سادە ڕوویان        نەبیتە هۆی زیادی شین و زاریم

کچم هۆشیاری خۆتبە تاکو مردن           وەکو من بە، زرنگی و هۆشیاریم (سەرچاوەی پێشوو)

باس لەچوونە پێشەوەی کوڕ دەکات بۆ داواکردنی خۆشەویستی، دەستپێشخەری دەکات، بەشێوەیەکی سادە خۆی دەردەخات ، کە خۆشەویستی لەناو کۆمەڵگەی کوردیدا بۆ ڕەگەزی بەرامبەر وشەیەکی تاب و قەدەغەیە ، زۆرجار بەقوربانی کردنی کچەکە لەپێناو ئەو خۆشەویستیەدا کۆتایی هاتووە. نمونەی زیندووی بینراو و نووسراومان هەیە، نزیکترین نموونە کوشتنی دوعا بوو لە پێناو خۆشەویستیدا، لەشیعرەکەدا باسی ئەو پەیوەندییەو چوونە پێشەوەی کوڕ لە سەر زاری دایکەکەوە ڕوونکراوەتەوە، بەڵام لەشیعرێکی تردا بەناوی ( یار) ی چی؟ لەسەر زاری قانع خۆێیەوە دووپاتی چوونە پێشەوەی کوڕ دەکاتەوە بۆ خۆشەویستی و کچ لەو مەسەلەیەدا بێ تاوانە و بەدوایدا ناگەڕێت ، دەڵێت:

کچ لەدووی کوڕ ناگەڕێ ، هەر کوڕ بەکچ حاشا ئەکا

ئەو کچە مەعسومە ناحەق سەرکز و ڕسوا یەکا

کوڕ ئەگەر حەزکا لەکچ جا وردە وردە دێتەلای

گفت و گۆی شیرین و جوان و پێکەنین بەرپا ئەکا

چۆنی خانم ؟ بەسیە تاکەی هەر لەماڵی باب ئەبی ؟

هاوسەری تۆ زۆرمنداڵە جووتی خۆی پەیدائەکا

ساڵێ تر گەرشوونەکەی ئینجا ئەڵێن پێت پیرەکچ

ئەودەمە پیرێ لەگەڵتا مامەڵەو سەودائەکا

کچەکە جوابی دەداتەوە بەوەی ،کە کاتی شووکردنی نییە ، بیر لەشووکردن ناکاتەوە و خەیاڵی واناکات. بەڵام کوڕەکە هەر سورە لەسەر داواکاری خۆی . شیعرەکە بەردەوامی پێدەدات و دەڵێت:

موختەسەر ، بەم جۆرە فێڵە ، کار ئەقەومێنێ تەواو

ئەو کچە بێ چارەیە تووشی هەزار غەوغا دەکا

هەرکچێ ئەم وەسێتەم بگرێتە دڵ تێ ناکەوێ

یاری چی؟ سەد تف لەچارەی داکە...... وائەکا( قانع،٢٠١٤: ٤٥)

بابزانین جیاوازی جێندەری ئەمەلەچیدایە ؟لەوەوە دەستپێدەکات کوڕ دەست دەخاتە ژیانی کچ هەوڵی نائومێدکردنی کچ دەدات ، کە پیردەبێت و تەمەنی هەڵدەکشێت ، لەدوایدا ناچارە شوو بەپیاوی پیربکات، لەڕێگەی ئەو دەستەواژەو ڕستانەوە دەیەوێت کچ بخاتە داوی خۆشەویستییەکی پەسەندنەکراو لەناو کۆمەڵگادا ، بۆ ئاگادارکردنەوەی کچ لەو تەڵەوفێڵە قانع بەهەمان شێوەی دایک ئامۆژگاری دڵسۆزانەی کچ دەکات بەو فڕوفێڵانە تێنەکەون ، کەناموس و ئابڕوی کچ دەبەن، کچ هۆشیار دەکاتەوە بۆ خۆپاراستن لەو جۆرە کوڕانە . ئەمەیە جیاوازی جێندەر ، کە ئازادی دراوە بەکوڕ بەسەربەستی کچ بێزاربکات و داوای ناڕەوا و دژ بەیاساکانی کۆمەڵگای لێبکات ، بەڵام ئەگەر بەپێچەوانەی ئەمەوە ڕوبدات، کچ دەکەوێتە بەر تانەو تەشەری کۆمەڵگا و کوشتن و بڕینی خێزانی ، هەر لەبەرئەمانەشە قانع ئاگاداری ئاراستەی ئەو چینەی کۆمەڵگا کردوە، کە چینی ئافرەتان و کچانە.

شاعیر قۆناغ بەقۆناغی ژیانی کچ و جیاوازی جێندەری لەسەرەتای لەدایکبونییەوە ، تا دەگاتە قۆناغی هەرزەکاری و شوکردنیشی وەکو وێنەیەکی سینەمایی زنجیرەیی دەخاتەڕوو . بەهۆی ئەو هەموودژواری و ناحەقییەی بەرامبەر ئافرەت کراوە ، لەشیعرێکی تردا دەنگی ناڕەزایی ئافرەت خۆی بەرز دەبێتەوە، سکاڵای باروگوزەرانی خۆی دەبات بۆ لای ( قانع )، شاعیریش بەناوەڕۆکێکی پڕ ئێش و ئازار، بەزمانێکی کوردی پەتی و پاراو لەشێوەی دواندندا لەشیعری (سکاڵای نەسرین لای قانع) باسی لێوەدەکات، دەڵێت:

| | |
|---|---|
| سەلامون عەلەیک مەمەی ئیختیار | عەلیکەسەلام کیژۆڵەی نازدار |
| مامە بە ئاشنا دێتە بەرچاوم | ڕۆڵەگیان ڕەنگە، من زۆر گەڕاوم |
| بێ قەیری نەبێ ناوت نازانم | ناوم قانیعە شەیدای نیشتیمانم |
| تۆی مەلا قانع شاعیری هۆزی | دایم چاوەڕوان بۆ بەرزی کۆزی |

ڕۆڵەگیان بەڵێ قانعم ناوە          بۆ خۆم و بۆ تۆجەرگم سوتاوە(قانع، ٢٠١٤: ٣٥٨)

تائێرە دواندنی یەکترناسین و ڕێزو شکۆی کچ و خەمخۆری شاعیر و ئاگاداربوونی لەحاڵ و ژیانی کچ دەردەخات. پاشان دێتە سەرباسی دەردەدڵیکردنی کچ ، دەڵێت:

مامۆستا ئێمە گشت بەش خوراوین          بەڵام لەلادێ تەواو فەوتاوین

بیستومە جارجار کە ناومان ئەبەی          ئەی بۆ هاوارمان تەواو بۆ ناکەی ؟

ئەوەڵ تا ئاخر هەر بەش خوراوبوین          لەناو کۆمەڵدا سەر دانەواوبوین

هەتا منالین زەلیل و خوارین          عاجز و مەلول دایم خەمبارین

بەردەوام دەبێت تادەگاتە ئەوەی دەڵێت:

ئەر بڵێم ئەمشەو ئەچمە سینەما          ئەڵێن تۆ کچی حەیات بۆ نەما

گەر بڵێم ئەمڕۆ ئەچم بۆ قەتار          ئەچم بۆ گەڕان لەم شار بۆ ئەو شار

هەی لەم نێرکوڕە ، کەپەیدابووە          ئابروی شیرینی لەدەست دەرچووە (سەرچاوەی پێشوو )

باس لەوە دەکات ئەگەر چی جیاوازی جێندەر لەهەموو ناوچەیەکی کوردستاندا هەبووە ، بەڵام لەشارەکاندا کەمتربووە بەبەراورد بەلادێیەکان ئەم گفتوگۆیە لەسەر زاری نەسرینەوە کراوە ،سکاڵای کچان بەگشتی و بەتایبەتتر لەلادێ نیشاندەدات، کە چوونەدەرەوە بۆ کچان قەدەغەبووە، هاتوچۆکردنی کچان سنوردار کراوە بەکاروباری ناوماڵ و ئیش و کاری کشتوکاڵ و ئاژەڵداری، بەڵام بۆ کوڕ بۆ هەرکوێ ڕۆشتن و لەهەرکوێ بوون شتێکی ئاسایی بووە بچێتە سینەما و سەفەریش بکات ، ئەگەر کچ کارێکی وابکات بەبێ ئابرو ناوزەند دەکرێت. لەکاتێکدا سەربەستی دان بە ئافرەت لە بواری کارکردن و گەشتوگوزار یەکێکە لە پێویستییەکانی ژیانی ئافرەت ، کاردەکاتە سەر فراوان بوونی ئاستی ڕۆشنبیری بەداخەوە لێی بێبەش بوونە ، لەو بوارانەدا پێویستە هاوشێوەی ژیانی پیاوبێت .

لەبەشێکی تری شیعرەکەدا بەردەوام دەبێت، دەڵێت:

ئەوەڵ تا ئاخر ئێمە هەر دیلین          ژیان سوتاو و زارو زەلیلین

ئێمە ناوێرین بڵێین ئینسانین          دایکی دوارۆژ و دەستەی لاوانین

حیسابمان بکەن بۆ هەڵبژاردن          ڕۆژی ئینتیخاب بۆ وەکیل ناردن

هەر وەکو بەشەر پێمان بخوێنن          لەسەر خۆڕایی مەمانڕەنجێنن

ئێمەش وەکو کوڕ حەز لەژین ئەکەین   حەز لە زانین و تێکۆشین ئەکەین (سەچاوەی پێشوو)

ئەگەر جیاوازی جێندەری نەبێت ، دەبێت چی شتێک بێت پاڵی نابێت بەودەربرینە پڕ ئازارەوە ،کە لەخوێندنەوەی شیعرەکانەوە دەردەکەوێت ، ئافرەت لەو دەم و زەمانەدا لە هەموو مافێکی سەرەتایی خۆی بێبەش بوونە وەکو مرۆڤیش مامەڵەیان لەگەڵدا نەکراوە.گلەیی کردن لەبارو گوزەرانی خۆیان، بەوەی تامنداڵ بوون زەلیل و ژێردەستەن، گەورەدەبن ڕێگرییان لێکراوە بۆ ماف و حەزەکانیان داوا لەچینی باڵادەستی کۆمەڵگا(پیاو) دەکەن ، حسابیان بۆبکەن با بەشداربن لەڕۆژی دەنگدان و هەڵبژاردن و فێربوونی زانست و زانیاریدا ، کە مافێکی سەرەتایی هەموو مرۆڤێکە لە کۆن و لەئێستاشدا .بەپێی توێژینەوەکان چوونەبەر خوێندن و فێربوونی زانست بەتایبەتی لەلادێدا" تاسەرەتای شەستەکان بگرە بەرەو ژوورتریش زۆرکەم لەدایکان و باوکان کچیان ئەناردە قوتابخانەو پێیان ئەخوێند – لە لادێدا – کچ لەجیاتی خوێندن و خوێندەواری ، لەسەرەتای توانایدا پیشە سەرەتاییەکانی دەرودەشت و کێڵگەکانیان پێ ئەسپاردن وەکو بژار ، پاچەکۆلە، مەڵۆکردن، نان و چادروستکردن....... ئەگەر بیشیان ناردنایەتە قوتابخانە بەر لەوەی فێری نووسین و خویندن بوونایە لەقوتابخانە ئەیان هێنانە دەرەوە هیچ بەتەنگ ڕۆشنبیری ودواڕۆژی کچانەوە نەبوون"( برهان قانع، ١٩٧٩: ١٣) ، ئەو نایەکسانییەی لە زاری ئافرەتەوە دەدرکێنرێت کاردەکاتە سەر شاعیر، ئەویش دڵخۆشی دەداتەوە و بەڵێنی پێدەدات ، کە گۆڕان لەژیانی ئافرەتدا لەداهاتوودا دێتەدی، جیاوازی جێندەر نامێنی و دەرگای سەربەستی یان بۆ دەکرێتەوە، دەڵێت:

کچم بەسەرچاو کۆرپەی شیرینم　　یاخوا بەکزی ئیتر نەتبینم

هیچ خەفەت مەخۆ دنیا گۆڕاوە　　کورد لەخەو چاوی چاک هەڵهێناوە

پێتان ئەخوێنین زۆر بەئارەزوو　　بەمەیلی خۆتان ئەتاندەن بەشوو

لەماڵ و میرات بەشتان دائەنرێ　　لەگەڵ کوڕانا فەرقتان ناخرێ

ئیتر خەم مەخۆن نوری چاوان　　ئاهوی بیابان دایکی کوڕانم (سەرچاوەی پێشوو)

بڕیاری کچ بۆ هاوسەرگیری لەدەستی خۆیدا نەبووە، لەلایەن کەس و کارییەوە ئەو ژیانەی بۆ پەسەند دەکرا ، ئەمە جگە لەوەی دیاردەی ناشرینی وەکو ژن بەژن و شیربایی و گەورەبەبچوک زۆرباوبوو"واقیعی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کوردی دەیسەلمێنێت ، کە ژن لەمافە سەرەتاییەکانی بێبەشبوون لەوانە سەربەستی تەواویان نەبووە لەبڕیاردان لەسەر ژیانی هاوسەرێتی، بەڵکو لەلایەن لێپرسراوەکان و خێزان بڕیار لەسەر شووکردنیان دراوە. توانای دەربڕینی ناڕازییان نەبووە گەر ناڕازیش بووبن"( عەبدول، ٢٠٠٧: ٤٠) دیمەنی بەزۆربەشودان و ناڕازی بوونەی کچ لەشیعری (ژن مارەبڕینمان) ی قانع دا تەواو ڕووندەبێتەوە ، وێنەکەی لەڕێگای دیارەدەیەکی زۆر ناشایستەی شیربایییەوە نیشاندەدات، ئەم کارە ناڕەوایە جیاوازی جێندەری تۆختر کردۆتەوە، ئافرەتی کردووە بەکاڵایەکی مامەلەپێکراو، سەبارەت بەمە قانع دەڵێت:

بابێمە سەرباس ژن مارەبڕین　　نەک مارەبڕین بەپارەکڕین

جاران ڕەسم بوو ژن بەخۆڕایی شەرعەن حەرام بوو پارەی شیربایی

ئێستا خوا دەوام مامۆستا بدا فێڵ ئەدۆزێتو حەڵاڵی ئەکا

لەسەر شیربایی مارە ئەبەستێ حەڵاڵی ئەکا هیچ لێی ناوەستێ(قانع.٢٠١٤: ٤١١)

لەئەنجامی سەپاندنی دابونەریتی کولتوری کۆمەڵایەتی، لەناو نەتەوە ڕۆژهەڵاتییەکاندا بەبیانوی ئاینیەوە زوڵم و زۆرداری بەرامبەر بەئافرەت کراوە. ئاینیان کردووە بە ئامراز و چەکێک بەدەستیانەوە لە بەرژەوەندی خویان بەکاریدەهێنن، ئەوە کۆمەڵگا و کۆلتورە بەخراپ وەرگیراوەکانیەتی جیاوازی جێندەری دروستکردووە نەک ئاین، بەو پەڕی یەکسانی و دادپەروەرییەوە بۆ خزمەتی مرۆڤایەتی هاتۆتە خوارەوە، بەڵام بەشێک لەمەلاکان لە ڕێگای جیاوازەوە هەندێک لەحەرامەکان دەکەن بەحەڵاڵ ، وەکو دیاردەی شیربایی بەرامبەر ئافرەت پەیڕەو کراوە، ئەگەرچی کچ ڕازی نەبووە بەو مارەبڕین و هاوسەرگیرییە ، ئەو ناڕازیبوونە ڕوون دەکاتەوە و دەڵێت:

کچ هاوار ئەکا ئەڵێ کاک مەلا پەنام پێ هانیت ئەی مەردی خودا

مەیەڵە بمدا بەم پیاوە کەرە لەعەقڵ و زانین زۆر بێ خەبەرە

مەلا دێتە جواب دادە زۆر چاکە پیاوێکی کاسب زۆر نیەت پاکە

تمەس مامۆستا زۆر بەکولە بۆی پەلە پەلیەتی بۆ حەقەکەی خۆی (سەرچاوەی پێشوو)

گوێ لە هاوار و ناڵەی کچ ناگیرێت ،بەزەبری تفەنگ ناچاری دەکەن گفت بدات و مارە بکرێت ، پاش سەرگرتنی ئەو کارە و جیاوازی جێندەر و نایەکسانی لەهەڵبژاردنی هاوسەری داهاتویدا ، شاعیر دێتە دەنگ، دەنگی ڕەخنەی ئاراستەی مەلاو کۆمەڵگا دەکات ، دەڵێت:

مەلا دەک کوێربی بۆ زوهد و وەرعت دەک پشتت شکێ بۆئیجرای شەرعت

کەی باوک و باپیر هەروا زوبەزو دروستە بەزۆر کچ بدەن بەشوو

ئەمە کەی دینە کام ئیمام فەرمووی پووکاوڵت بێ ، خۆ تۆ ڕیش چەرمووی

بەردەوام دەبێت ، دەڵێت:

ئەوە ئامۆزا وەحشیەو کەرە مەلا دانیشتووی جیی پێغەمبەرە

میللەت تا بەکەی جەهل و نەفامن میللەت تابەکەی شێت و عەوامن

میللەت هەموو کەس گەبیە جێی مەردی ئەی تۆ کێ ئاوا لەڕێگەی بردی (سەرچاوەی پێشوو)

پێکهێنانی ژیانی هاوسەری بەوجۆرە ، هەر لەو جۆرەی خۆی بەرهەم دەهێنێتەوە، چونکە ئەو منداڵەی لەو دایک و باوکە دەبێت بەهۆی جیاوازی بیروڕاکانەوە ، لەسەر بنەمای جیاوازی جێندەر پەروەردە دەکرێت و تاکێکی هاوشێوە بەرهەم دێتەوە ،ئەنجامەکەی باڵادەستی هەندێک و چەوسانەوەی هەندێکی تری لێدەکەوێتەوە.

ماوەتەوە بڵێین لەلێکدانەوەی شیعرەکاندا ، کە بەپێی قۆناغەکانی ژیانی کچ ڕیزبەندییمان بۆ کردووە. هەر لە دایکبوونەوە ،تا بەشودانی جیاوازییەکی زۆر بەرچاو دەبینرێت ، کە ئافرەت لەو زەمەنەدا چەوساوە و زوڵم لێکراوبووە. جیاوازییەکان ئەندامانی خێزانی کردوە بەدووبەشی نایەکسانەوە، لێرەدا شاعیر دەردی ناو کۆمەڵگاو دواکەوتووی کۆمەڵگای کردووە بەخەمی خۆی، بەشیعرەکانی هەستی دەروونی دەربڕیوە . پۆلێنی ئەو شیعرانەی بۆ جیاوازی جێندەر نووسیویەتی

| | ناو | ژ. دێرەکان | ژ. لاپەرە | |
|---|---|---|---|---|
| ١ | یاری چی | ١١ | ٤٥ | |
| ٢ | وەسیەتی دایک بۆکچ | ٨ | ١٧٠ | |
| ٣ | سکاڵای نەسرین لای قانع | ٢٧ | ٣٥٨ | |
| ٤ | ژیانی کچ | ٢٩ | ٣٦٤ | |
| ٥ | ژن مارەبڕینمان | ٤٤ | ٤١١ | |

ئەنجام:

لەئەنجامی توێژینەوەکەدا ئەم ڕاستییانە هەڵهێنجراوە.

١- جێندەر جگە لەلایەنی سێکس و هاوڕەگەزخوازی جیاوازی ڕەفتاریش دەگرێتەوە ، لەنێوان ڕەگەزی نێر و مێ دا، کەپێیدەوترێت جیاوازی جێندەر ئەم جیاوازییانەش بەڕادەو جۆری جیاواز هەیە، لەناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر جیاوازە ، لە لادێیەکاندا دیاردەکە زۆرتربوو لەچاو شارەکاندا، هەر جیاوازی جێندەریش بوبەهۆکاری سەرهەڵدانی ئەدەبی فیمینزمی ژنان .

٢- جیاوازی جێندەر دەگەڕێتەوە بۆ کولتوری کۆمەڵایەتی و کۆمەڵگاکان (خێزان و ژینگەی دەرەوەی خێزان) قانع لەشیعرەکانیدا باسی کێشەکانی ئافرەتی کردوە، نەفرەت لەو خراپەکاری و جیاوازییانە دەکات ، کە لەکۆمەڵگادا هەڵقوڵاوە، وەکو ڕەخنەگرێکی بەتوانا ئێش و ئازارەکانی ئافرەتی بەشیعر دەربڕیوە، شیعرەکانی قەڵغانێکی بەرگری بوو لەکچ .

٣- جیاوازی جێندەر دەبێتەهۆی دروستبوونی دووبەرەی جیاواز، هەندێ جار کارەساتی گەورەی لێدەکەوێتەوە، ئافرەتان پەنادەبەنە بەرکاری نەخوازراو، یان بەهۆی سەرکوتکردنیانەوە بەدوای ئازادییەوەن، لەئەنجامدا سنور و یاساو کولتوری کۆمەڵگا دەبەزێنن، دەکەونە بەر ڕووبەڕووبونەوەی کۆمەڵگا.

٤- لەشیعرەکاندا دەردەکەوێت هەرلەکۆنەوە تائێستا ئەرک و مافەکانی ژن و پیاو دیاریکراوبوە. هەندێک کار بەئافرەت سپێردراوە و هەندێک کاری تر بە پیاوسپێردراوە ، بەبیانوی لایەنی بایلۆجی ئەو دوو دروستکراوە وایکردوە هەریەکەیان کاروڕەفتاریان جیاوازبێت، ڕاستە لایەنی بایۆلۆجی هەردوو بونیادەکە جیاوازن کاریگەریشی هەیە لەهەندێ لایەنی فیسۆلۆجی. بەڵام نابێت بەهۆی دروستبوونی ئەو جیاوازییە زۆرانەی هەبوون

**Refrences**

**Kurdish soures:**


-Ahmad, Nawzad:(2011),farhangy zaraway adaby u raxnay,chapxanay benaiy-slemani.

-Taher, sheren:(2006),farhangy zhin lanewan koelabun u shearda, chpxanay tawar.

-Husen,himdad-nazm sangar:(2008),rebaza adabiakan,chapi yakam,nawendi awer-hawler.

-Husen,hemdad:(2020),adabi nwey kurdi, bargi dwam,nawendi awer-hawler.

-Xaznadar,marf:(2010),mezhuy adabi kurdi,chpi dwam,chpxanay aras-hawler.

-Rashi,anware;(2008), xwdnwsenaw,chapi yakam-hawler.

-Sajjadi,aladen:(1967),adabi kurdi u lekolenawa la adabi kurdi,chpxanay maaref-bagdad.

-Ali, kamal:(2012),zhin la wtae faelasuf u nawdaran, chpxanay ganj-slemani.

-Abdul,nwxsha:(2007),rwli zhin la zhyani komalaiati u siasi bashwre kurdstan,chpi yakam,chpxanay rwn-slemani.

-Abdullah,kner:(2005).zhin la baznaeki daxrawda, chpxanay tawar.

-Omar,kurdstan-salah,lukman:(2018),hokara bwneadiakani jiawazi gendare.

-faqehi,w.yusf:(2007), sad zhiny karegar la mezhwda, chpi yakam-wazarati roshnbery xanay wargeran.

-Qani,brhan:(2014), dewani qani, chpi hashtam,chpxanay dalaho.

-Qani,brhan:(1979)bnchina komalaiatekani afrati ladenesheni kurdawari,chpxanay earshad-bagdad.

-Mantk,hama:(2018),mitodakani rexnai adabi, tafser-hawler.

-Muhamad,karzan:(2004), mafakani zhin la despekawa ta amro, chapxanay tishk.

-Halabjay, mala saman (2023), gullstan – zhiany shairan w nawdarany kurd, chapxanay hevi


**Namay akadimi** :


- Asaad , avan fars: (2023), rolly bazarsazi komalayati la bayaxdan ba prsi gender la haremi Kurdistan (ragayandni damazrawa w rekxrawakani zhnan nmunan), zankoy salahadin – hawler .


**Govarakan:**


- qazaz,azad rawf: (1990), aia afrat u piaw wak yakn,govari roshnbery new,zhmara 125.
- azadixwaz, jalel: qani rexnageki hoshyari sardam,rovar,zhmara 82.


**Kteb ba zmani arabi:**


- abubakr,shren-shwkri amimat:(2002),emraat walgendar-ealxa altamiez wljtmaea bani ajlsni,dimashq-darlfkr.
- wlyamz,swzan:(1999), dalel au ksfah lltdreb ala algendar,jza awal, byrwt-mtbaaht mahnen aleamam.
- aywriash u axarwn,husen:(2006),alasat wal gendar,aman-darlfkr.